**فەڕەنسا و کورد......**




هەڵۆ بەرزنجەیی ٢٨/٨/٢٠٢١

فەرەنسا ، دەوڵەتێکی زلهێزی جیهانییە و مێژووی کۆلۆنیالیشی لە جیهان دا بە تایبەت لە ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوین و ئەفەریقادا هەس...دیارە ستەم و ستەمکاری زۆری کردووە....

لەگەڵ ئەم هەموو ڕاستییانەدا، فەڕەنسا دیوێکی تریشی هەیە، کە ناکرێ فەرامۆش بکرێ.... لایەنی ئازادیخوازی و داکۆکی لێکردنی. ئەم خاڵەش فەڕەنسییەکان بە تەواوی جیا دەکاتەوە لە ( ئینگلیز و ئەمەریکی و رووس و ئەڵمان). هەر بۆیە فەرەنسا لە جیهان دا، هێشتا سیمبۆلی ئازادیخوازییە...ئاخر فەرەنسییەکان ئازادیخواز و پشتیوانی ئازادیخوازانن...

لە سەردەمی شۆڕشی فەڕەنسیدا بیرمەندێ دەڵێ: «ئەی ئاسمان ! نرخی ئازادی چەند خوێن و فرمێسکی فەرەنسییەکانی دەوێت!».....دیبلۆماتکارێکی فەڕەنسیش هەر لەو دەمەدا دەڵێ: « بە ئەڵمانەکان بڵێن: گەر واز لە دژایەتی فەڕەنسا نەهێنن، ئێمە ئاگر و ئاسنیان بۆ هەڵناگرین، بەڵکوو ئازادی دەبەین بۆیان....«

+فەڕەنسا فاکتی هەرە گردەبڕی سەرکەوتنی شۆڕشی سەربەخۆیی ئەمەریکا بوو لە ساڵی ١٧٧٦ دا.

+فەرەنسا وڵاتی گەورەترین و کاریگەرترین شۆڕشی جیهانە لە ١٧٨٩ دا . بە هەڵگرتنی دروشمەکانی « ئازادی، یەکسانی، برایەتی» یەوە... ئەوروپای بێدار و وشیار کردەوە و تەواو گۆڕی و جیهانیشی هەژاند.

+بە پێی ڕێکەوتنامەی سایکس - پیکۆ ئینگلیز ی ڕکەبەری فەرەنسا، کاتی خۆی گوڵی لە فەڕەنسا کردووە و فێڵی لێکردووە، فەڕەنسا دەیەوێ گۆڵ بکاتەوە، چونکە ئینگلیز ڕۆڵی بەرەو لاوازبوون دەچێت...

+فەرەنساییەکان هێندە ئازادیخوازن، لەسەردەمی شەڕی رزگاری جەزائیردا زۆر لە ڕۆشنبیران و فەیلەسووفانی فەڕەنسی وەک « جۆن پۆل سارتەر» و ....هتد دژی وڵاتی خۆیان دەجەنگان بۆ پشتیوانی لە جەزائیر... ئەم نموونەش کەم وێنەیە لە جیهاندا...

+چەپ و کۆمۆنیستەکانی فەرەنسا، یەکەم دەستە و تاقم بوون سەربەخۆیی و ئازادی خۆیان ڕاگەیاند و لەژێر کاریگەرێتی پارتی کۆمۆنیستی شوورەوی هاتنە دەرێ و کۆمۆنیزمی ئەوروپاییان دامەزراند..

+فەرەنسا لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە دۆستایەتییەکی بەهێزی بزاڤە ئازادیخوازەکانی کوردی هەر چوار پارچەکەی کوردستان کردووە. لە سەردەمی پارتی « خۆیبوون» و بنەماڵەی بەدرخانییەکان/کامەران بەدرخان و تا ئیمڕۆ... کە بڕیاری ٦٨٨ دیاری میتران و مادام میتران/ دایکی کورد ، ژنەکەیەتی بۆ پشتیوانی لە کورد.ڕەوانشادی گەشمردە «قاسملۆ» ڕۆڵی گەورەی لە پەرەپێدانی ئەم دۆستایەتییەدا گێراوە...

+فەرەنسا شەڕی تورکیا دەکات و بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی دەخاتە مەترسییەوە، لەپێناوی داکۆکی لە ڕۆژئاوای کوردستان...٣٠ ساڵی ڕەبەقیشە باشووری کوردستان لە جۆرەها هەڕەشەو گوڕەشە و دوژمنی دڕندەی وەک« داعش» دەپارێزێ...

+لە بڕیاری ڕیفەراندۆمی ٢٠١٧ کوردستان دا، دەستەیەک لە دەستەبژێری فەرەنسایی ڕاوێژکار و پشتیوانکاری سەربەخۆیی کوردستان بوون...

+هاتنی دوو سەرۆکی فەرەنسا بۆ کوردستان «ئۆلاند» و ئێستای « ماکرۆن»... بەشێکی تری ئەو پرۆژە و ئامانجە بەدیار دەخات... کە فەرەنسامان پێ دەناسێنێ...

+لە ئێستادا فەرەنسا کەموزۆر و بە ئاشکرا و نهێنی دۆستی کورد و حیزبەکانی هەر چوار بەشەکەی کوردستانە. دەبێت ئەوە ڕوون بێت، دۆستایەتی کورد، سەرەڕۆیی کردنە بە بەرژەوەندی ئابووری و پەیوەندی دیبلۆماسی، کە زۆر وڵات و لایەن بەلایانەوە بڤەههههههیەهههههه. کەواتە :

سڵاو ...لە فەڕەنسا،

ماکرۆن بەخێر بێت بۆ کوردستان..

دەمێنێتەوە سەرانی کورد!!، بەڕێزان: ڕۆڵی ئێوە دەکەوێتە ژێر پرسیاری گەورەوە :

پێویستە لەسەرتان بە ئەقڵ و ئاوەز و بەرنامە و یەکڕیزی ، ئەسپەشێ مێژوو بگرن و سواری بن، بەرژەوەندی جیهان هاتۆتە بەردەرگای ماڵی کورد، ئێوەش بچنە نێو هاوکێشەکەیەوە مێژوویی سەروەریی تۆمار بکەن و ئەم میللەتە بگەیەننە مەنزڵگای «ئازادی و سەربەخۆیی... «

دەنا باش بزانن ، گەر وا نەکەن و ئەم دەرفەتە گرنگانەتان لەدەست دەردەچێ و دواجار قسە پڤ هەڵدراوەکانتان و میوانداریيەکانتان شەرمەزاری مێژووی لێ دەتکێ.....

سڵاو لە یەکێتی و یەکڕیزی کورد، کە بەرهەمهێنی هێز و سەرکەوتن و مێژووی شانازی نەتەوەییە.